له بڵاوكراوەكانی ماڵپەڕی بەهەشت

( ١ )

# گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە :
# پارێزەرە لە گومڕابوون و لە تیاچوون

وە بە دوایدا :

( ٢ )

## لە بناماكانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە :
## خۆشویستنی زانایان و بە چاكە باسكردنیانە

وە بە دوایدا :

( ٣ )

# زانایانی ئەهلی سوننە و جەماعەی سەردەم
# ڕاشكاوانە دەڵێن : حزبایەتی بیدعەیە

كۆكردنەوە و ئامادەكردنی

ماموٚستا : محمد عبد الرحمن لطيف

چاپی چوارەم ١٤٣٦ ك

---

ماڵپەری بەهەشت

ba8.org

ماڵپەڕێكی ئیسلامی زانستی پەروەردەیی یە و لە پێناو بڵاوكردنەوەی ئەو ئیسلامەیە كە سەلەفی صاڵح - پێغەمبەری خوا (صلى الله عليه وسلم) و هاوەڵانی (رضي الله عنهم) لەسەری بوون - وە سەر بە هیچ گروپ و لایەنێكی حیزبی نیە.

## ماڵپەری بەهەشت

**ئەو کتێب و بابەت و لێکۆڵینەوە شەرعیانە بڵاو دەکاتەوە کە دەبنە هۆی:**

١. شارەزاکردنی موسوڵمانان و پەروەردەکردنیان لەسەر ڕێگا ڕاستەکەی ئیسلام، ئەمەش دەستەبەر دەبێ بە گەڕانەوە بۆ پەیڕەوە ڕەسەنەکەی ئیسلام،کە بریتی یە لە قورئان و سوننەت،بە تێگەشتنی پێشین وپێشەوایانی ئوممەت.

٢. پاک کردنەوەی بیروباوەڕ و ڕەوشتی موسوڵمانان، لە دیاردەکانی شیرک و کوفر و تاوان.

٣. پاڵاوتن و تەصفیەکردنی ئاینی ئیسلام لە بیدعە و بۆچونە داهێنراوەکان.

٤. وریا کردنەوەی موسوڵمانان لە شوێنەواری خراپی ڕیوایەتە لاواز و هەڵبەستراوەکان.

٥. پتەو کردنی برایەتی یەکی ڕاستەقینە لەسەر بناغە فراوانە جێگیرەکەی ئیسلام و نەهێشتن و کەمکردنەوەی دەمارگیری مەزهەبی و حیزبی.

**ئامانجمان:**

ئاشناکردنی کۆمەڵگایە لە ئیسلامی ڕەسەن و دروستکردنی تاك و کۆیەتی بۆ تێگەشتن لە سەرچاوەکانی کە بریتین لە قورئانی پیرۆز و سوننەتی صەحیح و ئاشکراکردنی ئەو شتانەی کە نامۆن بە ئیسلام و خراونەتە نێویەوە بە چەندین دەستەواژەی دەنگ و ڕەنگ و نوسراوی لە بوارەکانی بیروباوەڕ و ڕەوشت و ئاکار و پەروەردە و زانست و پزیشکی و گەشەی کۆمەڵایەتی.

**خودایە داوات لێ دەکەین دامەزراومان بکەیت ، وتەوفیقمان بدەیت بۆ هەر کار وگوفتارێکی جوان وچاک بەو شێوەیەیی کەخۆت لێی ڕازیت.**

**ستافی ماڵپەڕی بەهەشت**

# گەڕانەوە
# بۆ لای
# زانایانی ئەهلی سوننە
# پارێزەرە
# لە گومڕابوون و لە تیاچوون

(الرجوعُ إلى العلماءِ عِصمَةٌ من الضلال والهلاكِ)

نووسینی:

ماموٚستا : محمد عبد الرحمن لطيف

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ .

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحسَانٍ وَسَلَّمَ تَسْلِمَاً .

أَمَّا بَعْدُ :

**چەندین فەرموودەی زۆرمان پێگەشتووە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) ، هەموویان ئەوە دووپات دەکەنەوە کە :**

**گەڕانەوە بۆ لای زانایان[*] پارێزەرە لە گومڕابوون و لە تیاچوون ، چونکە زانایان میراتگری ڕاستەقینەی پێغەمبەرانی خوان** (عليهم الصلاةُ والسلام) ، **هەروەکو پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی :**

---

[*] **پێناسەی زانایان لای ئەهلی سوننە :** (العلماء : هم العارفون بشرع الله ، المتفقهون في دينه ، العاملون بعلمهم على هدى وبصيرة ، ومن دارت الفُتيا على أقوالهم بين الأنام ، الذين خُصوا باستنباط الأحكام ، وعنوا بضبط قواعد الحلال والحرام) **بڕوانە کتێبی :** [قواعد في التعامل مع العلماء ص : (١٩)] .

**واتە : زانایان بریتین لە : شارەزایانی شەرعی خوا ، تێگەیشتوانی ئاینەکەی ، ئەوانەی کە کار دەکەن بە زانستەکەیان لەسەر ڕووناکی و بەرچاوڕۆشنی ، وە ئەوانەن کە فەتوا لەسەر**

((إِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ ، وَإِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَاراً وَلاَ دِرْهَماً ، وَإِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ ، فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ وَافِرٍ))[١].

واتە : زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ، وە پێغەمبەران دینار و درهەمیان بە میرات بە جێنەهێشتووە ، بەڵکو (علم و زانست)یان بە میرات بە جێهێشتووە ، جا هەر کەسێك ئەو (علم و زانست)ـە ببات ئەوا بەشێکی زۆر لە خێری بۆ خۆی بردووە .

وە دواین پێغەمبەری خوا کە (محمد)ە (ﷺ) ڕێپیشاندەری موسڵمانان و هیدایەتدەریان بووە بۆ سەر (**ڕێگای ڕاست**) وەك خوای پەروەردگار فەرموویەتی : ﴿وَإِنَّكَ لَتَهۡدِيٓ إِلَىٰ صِرَٰطٖ مُّسۡتَقِيمٖ ٥٢﴾ [الشورى] .

---

وتەی ئەوان دەسوڕێتەوە لە نێو خەڵکیدا ، ئەوانەن کە تایبەت کراون بە دەرهێنانی حوکمە شەرعییەکان ، ئەوانەن کە بایەخیان داوە بە یەکخستنی بنەماکانی حەڵاڵ و حەرام .

[١] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٦٤١ ) .

ئەم فەرموودەیە زانایانی ڕەسەن دەستنیشان دەکات کە بریتین لەوانەی کەوا تەنها میراتی پێغەمبەر ﷺ (**كتاب الله وسنتي**) بە خەڵك ڕادەگەیەنن ، نەك ئەو سەرەنەزانە بەناو زانایانەی کەوا ڕا و بۆچوون و فلان وتی و فیسار کردی باس دەکەن بۆ خەڵکی ! ! !

وە ئاشكراشە پێغەمبەری خوا (ﷺ) تەنها زانستی شەرعی بە میرات بۆ ئوممەتەكەی بە جێ هێشتووە كە بریتی‌یە لەو دوو سەرچاوە گرنگەی كە لە حەجی ماڵئاواییدا سەبارەتیان فەرموویەتی :

((يَا أَيُّهَا النَّاسُ إِنِّي قَدْ تَرَكْتُ فِيكُمْ مَا إِنِ اعْتَصَمْتُمْ بِهِ فَلَنْ تَضِلُّوا أَبَدَاً **كِتَابَ اللَّهِ وَسُنَّةَ نَبِيِّهِ** ﷺ ))[٢].

واتە : ئەی خەڵكینە من دوو شتم لە دوای خۆم بۆتان بەجێهێشتووە ، هەرگیز گومڕا نابن ئەگەر دەستیان پێوە بگرن : كتێبەكەی خوای پەروەردگار و سوننەتی پێغەمبەرەكەی (ﷺ) .

وە لەو فەرموودەیەدا كە پێغەمبەری خوا (ﷺ) باسی دابەش بوون و پارچەپارچەبوونی ئوممەتەكەی كردووە بۆ (٧٣) فیرقە : پرسیاری لێكرا دەربارەی (كۆمەڵی ڕزگاربوو لە گومڕابوون و بە هیلاكداچوون / الفرقةُ الناجية من الضلال في الدنيا والهلاك في الآخرة) پێغەمبەریش (ﷺ) لە وەڵامدا فەرمووی : "**ما أنا عليه اليومَ وأصحابي**" .

واتە : ئەو بەرنامەیە كە من و صەحابەكانمی لە سەرن .

---

[٢] أخرجه الحاكم : (١ / ٩٣) والبيهقي : (١٠ / ١١٤) ، وانظر : "صحيح الترغيب والترهيب" رقم : (٤٠) و"صحيح الجامع الصغير" رقم : (٢٩٣٧) للإمام الألباني رحمه الله .

(ميرات النبي ﷺ) = (ما أنا عليهِ اليومَ وأصحابي)

(ما أنا عليه اليوم = الوحي ،

الوحي = الكتاب والسنَّة الصحيحة ،

وأصحابي = بفهم وتطبيق وعمل الصحابة) =

(الكتاب والسنَّة الصحيحة بفهم السلف).

(ميرات النبي ﷺ) = (الكتاب والسنَّة الصحيحة بفهم السلف) .

کەواتە میراتی‌یەکەی پێغەمبەری خوا (ﷺ) کە بەرنامەی ڕزگاربوونە لە گومڕابوون و لە تیاچوون بریتی‌یە لە : (قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەف) = (علم و زانستی شەرعی) .

زانایانیش ئەو زانستەیان بە میرات بۆ ماوەتەوە ، بۆیە **پارێزەرن لە گومڕابوون و لە تیاچوونی موسڵمانان** ئەگەر موسڵمانان **بگەڕێنەوە بۆ لایان** لە هەموو ڕووداو و فەتوایەکدا .

عَنْ إِبْرَاهِيمَ بْنِ عَبْدِ الرَّحْمَنِ الْعَذْرِيِّ (رضي الله عنه) قَالَ : قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((يَحْمِلُ هَذَا الْعِلْمَ مِنْ كُلِّ خَلَفٍ عُدُولُهُ : يَنْفُونَ عَنْهُ تَحْرِيفَ الْغَالِينَ ، وَانْتِحَالَ الْمُبْطِلِينَ ، وَتَأْوِيلَ الْجَاهِلِينَ))[٣].

**واتە : ئەم زانستە (کە بریتییە لە قورئان و سوننەت بە تێگەیشتنی سەلەف) لە هەموو سەردەمێکی دوای من ئەوانە هەڵیدەگرن کە دادپەروەرن ، وە : گۆڕان کاری زیادەڕەوەکان و ئەو شتانەی کە پوچەڵ کارەکان دەیدەنە پاڵ دین و بە هەڵە مانا کردنی نەزان و نەفامەکانی لێ دوور دەخەنەوە * .**

---

[٣] رواهُ البيهقي ، وصححهُ الألباني في "مشكاة المصابيح" رقم : (٢٨٤) .

* **سودێك** : بە پێویستی دەزانم لێرەدا ئەوە بخەمە ڕوو کە مەبەست بە ووشەی (علم و زانست) لەم فەرموودەیە و هاوشێوەکانیدا ئەوەیە کە ئەم زانایانە ڕوونیان کردووەتەوە :

١ ـ ئیمامی (محمد بن عبد الوهاب) فەرموویەتی : (**العلم** هو : معرفة الله ومعرفة نبيه محمد ﷺ ومعرفة دين الإسلام بالأدلة) .

واتە : **زانست** بریتییە لە : ناسینی خوا و ناسینی پێغەمبەرەکەی (محمد ﷺ) و شارەزا بوونە لە ئاینی ئیسلام بە بەڵگەوە .

٢ ـ وە پێشەوا (ابن القيم) فەرموویەتی : (**العلمُ** : قال اللهُ قال رسولُهُ قال الصحابةُ ...) .

واتە : **زانست** بریتییە لە : فەرموودەی خوا و فەرموودەی پێغەمبەر و فەرموودەی صەحابە ...

٣ ـ وە ئیمامی (الأوزاعي) فەرموویەتی : (**العلمُ ما جاءَ عن أصحاب مُحمَّد** ﷺ ، وما لَمْ يَجيءْ عن أصحاب مُحمَّد ﷺ فليسَ بعلم) .

واتە : زانست ئەوەیە كە لە صەحابەكانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) هاتبێت ، وە ئەوەی كە لە صەحابەكانی پێغەمبەرەوە (ﷺ) نەهاتبێت ئەوا علم و زانست نییە .

٤ ـ وە ئیمامی (شافعی) فەرموویەتی :

(كُلُّ العلومِ سِوى **القُرآنِ** مَشغلة **إلاَّ الحديثَ وإلاَّ الفقهَ في الدينِ**
العلمُ ما كانَ فيهِ قال حدَّثنا وما سِوى ذاكَ وَسواسُ الشياطينِ) .

واتە : هەموو زانستەكان جگە لە **قورئان** خۆخەریك كردنە .. تەنها **فەرموودە** و **تێگەیشتن و شارەزا بوون لە دین** نەبێت .

زانست ئەوەیە كە تێیدا بوترێت پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی و جگە لەمەش هەمووی وەسوەسەی شەیتانە .

٥ ـ وە ئیمامی (ابن حجر العسقلاني) فەرموویەتی : (الْمُرَادُ بِالْعِلْمِ : **الْعِلْمُ الشَّرْعِيُّ** الَّذِي يُفِيدُ مَعْرِفَةَ مَا يَجِبُ عَلَى الْمُكَلَّفِ مِنْ أَمْرِ عِبَادَاتِهِ وَمُعَامَلَاتِهِ ، وَالْعِلْمُ بِاَللَّهِ وَصِفَاتِهِ ، وَمَا يَجِبُ لَهُ مِنْ الْقِيَامِ بِأَمْرِهِ ، وَتَنْزِيهِهُ عَنْ النَّقَائِصِ ، وَمَدَارُ ذَلِكَ عَلَى التَّفْسِيرِ وَالْحَدِيث وَالْفِقْه) "فتح الباري شرح صحيح البخاري" : (١ / ١٨٧) .

واتە : مەبەست بە زانست : زانستی شەرعی‌یە كە سودی شارەزابوونی تێدایە لەوەی كە پێویستە لە سەر هەموو موسڵمانێكی ئەرك لە سەر (تەكلیف لێكراو) لە بواری ئاینەكەیدا لە پەرستنەكانی و لە هەڵس و كەوتەكانیدا ، وە زانیاری دەربارەی خوای گەورە و سیفەتەكانی و ئەوەی كە پێویستە لە سەری لە پێناوی ئەودا پێی هەڵبسێت لە فەرمانەكانی و پاك ڕاگرتنی لە كەم و كوڕی ، وە هەموو ئەوانەش ڕاوەستاون لە سەر : تەفسیر و فقهـ و فەرموودە .

وە شاراوە نییە کە ئەم سێ تاقمە : (زیادەڕەوەکان + پوچەڵکاران + نەزان و نەفامەکان) هۆکار و مایەی گومڕابوون و تیاچوونی خەڵکانی سەرلێشێواو و فەوتاو و گومڕابوون ، چونکە ئەوانە خەڵك لە سەر (**ڕێگای ڕاست**)ی زانستی شەرعی و زانایان لە خشتە دەبەن !!!

**هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی** : ((إِنَّ اللَّهَ لاَ يَقْبِضُ الْعِلْمَ انْتِزَاعاً يَنْتَزِعُهُ مِنَ النَّاسِ وَلَكِنْ يَقْبِضُ الْعِلْمَ بِقَبْضِ الْعُلَمَاءِ حَتَّى إِذَا لَمْ يُبْقِ عَالِماً **اتَّخَذَ النَّاسُ رُءُوساً جُهَّالاً** فَسُئِلُوا فَأَفْتَوْا بِغَيْرِ عِلْمٍ **فَضَلُّوا وَأَضَلُّوا**))[٤].

واتە : خوای گەورە (علم و زانست) هەڵناگرێتەوە بە دەرهێنانی لە ناو سینگی خەڵکدا ، بەڵکو (علم و زانست) هەڵدەگرێتەوە بە مردنی (زانایان) هەتاکو زانا نامێنێت ئەو کاتە خەڵك سەرەنەزان بۆ خۆیان دادەنێن ، ئەو سەرە نەزانانەش پرسیاریان لێدەکرێت و ئەوانیش بە بێ (علم و زانست) فەتوا دەدەن : ئەو کاتە هەم خۆیان گومڕا دەبن و هەم خەڵکیش گومڕا دەکەن .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((... وَإِنَّمَا أَخَافُ عَلَى أُمَّتِي الأَئِمَّةَ الْمُضِلِّينَ...))[٥].

---

[٤] صحيح البخاري رقم : (١٠٠) وصحيح مسلم رقم : (٢٦٧٣) وصحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٥٢) .

واتە : بەڵام من لە پێشەوا گومڕاکارەکان دەترسم بۆ سەر ئوممەتەکم .

وە لە ڕیوایەتێکی تری فەرموودەکەی پێشودا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((يُسْتَفْتَوْنَ فَيُفْتُونَ بِرَأْيِهِمْ فَيُضِلُّونَ وَيَضِلُّونَ))[٦].

واتە : پرسیاریان لێدەکرێت و ئەوانیش فەتوا دەدەن بە بۆچوونی خۆیان : ئەو کاتە هەم خۆیان گومڕا دەبن و هەم خەڵکیش گومڕا دەکەن .

کەواتە (گەڕانەوە بۆ لای زانایان) پارێزەرە لە شوێن کەوتنی شەیتان و بانگەوازکارە گومڕاکارە و جاهیل و نەزانەکان کە لە سەر دەرگاکانی دۆزەخ ڕاوەستاون بۆ لەخشتە بردنی ڕێبوارانی (**ڕێگای ڕاست**) و بیانخەنە سەر (ڕێچکە کورتە پەرتەوازەکانی لای ڕاست و چەپی) ئەو (ڕێگا ڕاست)ەی خوای گەورە ، وە ئەمیش دەبێتە مایەی گومڕابوون و تیاچوون و ڕۆیشتنە ناو دۆزەخەوە .

وەك پێغەمبەر (ﷺ) لە فەرموودەکەی (حذيفة)دا (خوای لێ ڕازی بێت) پێمان ڕادەگەیەنێت کەوا : سەردەمێ دێت بەسەر ئوممەتەکەیدا تێیدا (بانگەواز کارانێك دەردەکەون لە سەر دەرگای دۆزەخن هەر کەسێك وەڵامیان

---

[٥] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٢٢٩) .

[٦] صحيح البخاري رقم : (٧٣٠٧) ، وانظر شرح الحديث في "فتح الباري" : (٣٤٨/١٣) .

بداتەوە ئەوا فڕێی دەدەنە ناو دۆزەخـەوە) : (**(دُعَاةٌ عَلَى أَبْوَابِ جَهَنَّمَ مَنْ أَجَابَهُمْ إِلَيْهَا قَذَفُوهُ فِيهَا)**) .

وە ئـەم بانگـەوازکارە جاهیـل و نـەزان و گومڕاکارانـە بـریتین لـەو بانگەوازکارانـەی کـە لـە فەرموودەکـەی (ابن مسعود)دا باسـکراون کـە فەرموویەتی :

(خَطَّ لَنَا رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) خَطًّا ثُمَّ قَالَ : "هَذَا سَبِيلُ اللَّهِ مُسْتَقِيْمَاً" ثُمَّ خَطَّ خُطُوطاً عَنْ يَمِينِهِ وَعَنْ شِمَالِهِ ثُمَّ قَالَ : "هَذِهِ سُبُلٌ مُتَفَرِّقَةٌ ، عَلَى كُلِّ سَبِيلٍ مِنْهَا شَيْطَانٌ يَدْعُو إِلَيْهِ" ، ثُمَّ قَرَأَ : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِى مُسْتَقِيمًا فَٱتَّبِعُوهُ ۖ وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمْ عَن سَبِيلِهِۦ ﴿١٥٣﴾﴾)[٧] .

واتە : پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە دەستی هێڵێکی کێشا و پاشان فـەرمووی (ئەمە ڕێگا ڕاستەکەی خوای گەورەیە) ، پاشان بـە لای ڕاست و چـەپی ئـەو هێڵەدا چەند هێڵکی تری کێشا و پاشان فەرمووی : (ئەمەش ڕێچکە و ڕێبازی پەرتەوازەکارن ، هەر ڕێچکەیەك شەیتانێکی لە سەرە بانگەوازی بۆ دەکات ،

---

[٧] أخرجه أحمد : (١/ ٤٣ و ٤٦٥) والطيالسي رقم : (٢٤٤) ، وحسنهُ الألباني في (مشكاة المصابيح) : (١/ ٥٩) .

پاشـان ئـەم ئایەتـەی خوێنـدووە : ﴿وَأَنَّ هَٰذَا صِرَٰطِي مُسۡتَقِيمٗا فَٱتَّبِعُوهُۖ وَلَا تَتَّبِعُواْ ٱلسُّبُلَ فَتَفَرَّقَ بِكُمۡ عَن سَبِيلِهِۦۚ ١٥٣﴾ .

واتە : ئەمە ڕێگای ڕاستی منە و بیگرنە بەر و شوێنی بکەون ، وە شوێنی ڕێچکە و ڕێبازەکانی تر مەکەون چونکە لە ڕێگای خوای گەورە لاتان دەدات و پارچەپارچەتان دەکات و جیاوازی دەخاتە نێوانتانەوە .

بۆیە دەبینین خوای زانا و دانا و کار لەجێ فەرمان دەکات بە گەڕانەوە بۆ لای زانایان لە کاتی نەزانیدا :

﴿فَسۡـَٔلُوٓاْ أَهۡلَ ٱلذِّكۡرِ إِن كُنتُمۡ لَا تَعۡلَمُونَ ٤٣﴾ [النحل ، والأنبياء : ٧] .

واتە : پرسیار لە زانایانی شەرع زان بکەن ئەگەر ئێوە نەتانزانی .

وە ئەم بنچینە و بنەما زۆر گرنگە (واتە : گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە) دەبێت زیاتر پەیڕەو بکرێت لە کاتێکدا ئەگەر کار و هەڵوێست و شتی نـەزانراو پەیوەسـت بـوو بـە ئاسـایش و ترسـی گشـتی موسـڵمانانەوە ، وەك خوای گەورە فەرموویـەتی : ﴿وَإِذَا جَآءَهُمۡ أَمۡرٞ مِّنَ ٱلۡأَمۡنِ أَوِ ٱلۡخَوۡفِ أَذَاعُواْ بِهِۦۖ وَلَوۡ رَدُّوهُ إِلَى ٱلرَّسُولِ وَإِلَىٰٓ أُوْلِي ٱلۡأَمۡرِ مِنۡهُمۡ لَعَلِمَهُ ٱلَّذِينَ يَسۡتَنۢبِطُونَهُۥ

مِنۡهُمۡۗ وَلَوۡلَا فَضۡلُ ٱللَّهِ عَلَيۡكُمۡ وَرَحۡمَتُهُۥ لَٱتَّبَعۡتُمُ ٱلشَّيۡطَٰنَ إِلَّا قَلِيلٗا ﴿٨٣﴾

[النساء] .

واتە : مونافیقە دوو ڕووەکان ئەگەر شتێکی پەیوەست بە ئاسایش و ترسی گشتی موسڵمانایان ڕووبەڕوویان ببوایەتەوە ئەوا بڵاویان دەکردەوە ! وە ئەگەر بیان گێڕایەتەوە بۆ لای پێغەمبەر (ﷺ) و کاربەدەست و زانأیان ئەوا زانایان حوکمی ئەو کارە و ئەو هەڵوێستەی کە پێویستە ئەنجام بدرێت دەردەهێنا و ڕوونیان دەکردەوە بۆ خەڵك ، وە ئەگەر چاکە و ڕەحم و بەزەیی خوا نەبوایە بە سەرتانەوە ئەوا شوێنی شەیتان دەکەوتن مەگەر کەمێك نەبێت .

## چەند نموونەیەك بۆ ڕوونکردنەوەی گرنگی گەڕانەوە بۆ لای زانایان

جا بۆ ئەوەی ئەم ڕاستی‌یەمان (**گەڕانەوە بۆ لای زانایانی ئەهلی سوننە پارێزەرە لە گومڕابوون لە تیاچوون**) زیاتر بۆ ڕوون ببێتەوە و لە ناو دڵماندا ڕەگ بکوتێت چەند نموونەیەك دەخەینە ڕوو :

١ ـ پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) بەسـەرهاتی پیاوێكمـان بـۆ دەگێڕێتـەوە كـە (٩٩) نـەوەت و نـۆ كەسـی كوشـتبوو ، بـەڵام فـەتوای زانایـەك بـووە هـۆی پاراستنی لە تیاچوون و گومڕا بوون و ڕزگار بوونی و دۆزینەوەی ڕێگەیەك بۆ بەدەست هێنانی سۆز و لێخۆشبوونی خـوای پـەروەردگار ، پێغەمبـەری خـوا (ﷺ) فەرموویەتی :

((إِنَّ عَبْداً قَتَلَ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْساً ، ثُمَّ عَرَضَتْ لَهُ التَّوْبَةُ ، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ ؟ فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ (وفي رواية : رَاهِبٍ) فَأَتَاهُ ، فَقَالَ : إِنِّي قَتَلْتُ تِسْعَةً وَتِسْعِينَ نَفْساً فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ ؟ قَالَ : بَعْدَ قَتْلِ تِسْعَةٍ وَتِسْعِينَ نَفْساً ؟! قَالَ فَانْتَضَى سَيْفَهُ فَقَتَلَهُ بِهِ فَأَكْمَلَ بِهِ مِائَةً .

ثُمَّ عَرَضَتْ لَهُ التَّوْبَةُ ، فَسَأَلَ عَنْ أَعْلَمِ أَهْلِ الأَرْضِ ؟ **فَدُلَّ عَلَى رَجُلٍ [عَالِمٍ]** ، فَأَتَاهُ فَقَالَ : إِنِّي قَتَلْتُ مِائَةَ نَفْسٍ فَهَلْ لِي مِنْ تَوْبَةٍ ؟

فَقَالَ : وَمَنْ يَحُولُ بَيْنَكَ وَبَيْنَ التَّوْبَةِ ؟! اخْرُجْ مِنَ الْقَرْيَةِ الْخَبِيثَةِ الَّتِي أَنْتَ فِيهَا إِلَى الْقَرْيَةِ الصَّالِحَةِ قَرْيَةِ كَذَا وَكَذَا [فَإِنَّ بِهَا أُنَاساً يَعْبُدُونَ اللَّهَ] فَاعْبُدْ رَبَّكَ [مَعَهُمْ] فِيهَا ، [وَلاَ تَرْجِعْ إِلَى أَرْضِكَ فَإِنَّهَا أَرْضُ سَوْءٍ].

قَالَ : فَخَرَجَ إِلَى الْقَرْيَةِ الصَّالِحَةِ فَعَرَضَ لَهُ أَجَلُهُ فِي [بَعْضِ] الطَّرِيقِ [فَنَاءَ بِصَدْرِهِ نَحْوَهَا] ، قَالَ : فَاخْتَصَمَتْ فِيهِ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ وَمَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ ، قَالَ : فَقَالَ إِبْلِيسُ : أَنَا أَوْلَى بِهِ إِنَّهُ لَمْ يَعْصِنِي سَاعَةً قَطُّ .

قَالَ : فَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ : إِنَّه خَرَجَ تَائِباً [مُقْبِلاً بِقَلْبِهِ إِلَى اللَّهِ ، وَقَالَتْ مَلاَئِكَةُ الْعَذَابِ : إِنَّهُ لَمْ يَعْمَلْ خَيْرًا قَطُّ] ، . فَبَعَثَ اللَّهُ عَزَّ وَجَلَّ لَهُ مَلَكاً [فِي صُورَةِ آدَمِيٍّ] فَاخْتَصَمُوا إِلَيْهِ . قَالَ : فَقَالَ : انْظُرُوا أَيُّ الْقَرْيَتَيْنِ كَانَ أَقْرَبَ إِلَيْهِ فَأَلْحِقُوهُ بِأَهْلِهَا ، [فَأَوْحَى اللَّهُ إِلَى هَذِهِ أَنْ تَقَرَّبِي ، وَأَوْحَى إِلَى هَذِهِ أَنْ تَبَاعَدِي] ، [فَقَاسُوهُ فَوَجَدُوهُ أَدْنَى إِلَى الأَرْضِ الَّتِي أَرَادَ [بِشِبْرٍ] فَقَبَضَتْهُ مَلاَئِكَةُ الرَّحْمَةِ] ، [فَغُفِرَ لَهُ] ...))[٨].

واتە : بەندەیەك لە بەندەكانی خوای پەروەردگار نەوەد و نۆ كەسی كوشتبوو ، پاشان كە ویستی تۆبە بكات پرسیاری كرد سەبارەت بە زاناترین كەسی سەر زەوی ، دەستنیشانی پیاوێكی بۆ كرا (لە ڕیوایەتێكی تردا هاتووە : دەستنیشانی پیاوێكی خواپەرستی بۆ كرا) ئەویش ڕۆشتە لای و پێی ووت : من نەود و نۆ كەسم كوشتووە ئایا بۆم هەیە تۆبە بكەم ؟ وتی :

---

[٨] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٦٤٠) .

دوای کوشتنی نەود و نۆ کەس ؟! وتی : شیرەکەی هەڵکێشاو ئەویشی کوشت و سەدەکەی پێتەواو کرد .

پاشان جارێکی تر ویستی تۆبە بکات پرسیاری کرد سەبارەت بە زاناترین کەسی سەر زەوی ، دەستنیشانی پیاوێکی بۆ کرا (زانا) بوو ئەویش ڕۆشتە لای و پێی ووت : من سەد (١٠٠) کەسم کوشتووە ئایا بۆم هەیە تۆبە بکەم ؟

وتی : کێ ڕێگە لە تۆبەی تۆ دەگرێت ؟! بەڵام ئەبێ لەو دێیە خراپە دەرچیت کە تیایدایت ، بۆ ئەو دێ چاکە (چونکە خەڵکانێکی تێدایە خوای پەروەردگار دەپەرەستن ) تۆش پەروەردگاری خۆت بپەرستە ( لە گەڵیاندا) لەوێدا (نەشگەڕێتەوە بۆ خاکەکەی خۆت چونکە شوێنێکی خراپە) .

دەڵێت : دەرچوو بۆ لادێ چاکەکە ، بەڵام لە ڕێگەدا ئەجەل ڕێگەی پێگرت کە ویستی بمرێت ڕووی تێکرد وخۆی بەرەو لای فرێدا ، لەوێدا فریشتەی ڕەحمەت و فریشتەی عەزاب هەریەکەیان دەیویست بۆ ڕۆحەکەی دەربێنێت ، (إبلیس ووتی : من ئەولاترم بە بردنی ، چونکە کاتژمێرێك لە ژیانی سەرپێچی نەکردووم .

فریشتەی ڕەحمەتیش دەڵێت : ئەم پیاوە لە شوێنی خۆی دەرچووە وەکو تۆبە کارێك (بە هەموو دڵێکی ڕووی کردووە لە خوای پەروەردگار ، فریشتەی عەزابیش دەیانووت : ئەمە لە ژیانیدا هیچ چاکەیەکی نەکردووە) ، وای پەروەردگاریش فریشتەیەکی (لەسەر شێوەی مرۆڤێك) بۆ ڕەوانەکردن ، ئەوانیش ڕۆشتنە لای بۆ ئەوەی دادوەریان بۆ بکات ، ئەویش ووتی : سەیرکەن لە هەر لادێیەکیان نزیکتربوو لێیەوە ئەوا بە ئەهلی ئەوەیانی بزانن (خوای پەروەردگاریش فەرمانی بەمەیان کرد کە نزیك بەرەوە و فەرمانی بەویتریان کرد کە دوور بەرەوە) (پاشان کە پێوایان بینیان نزیکترە لەو لادێیەی کە ویستی بۆی بڕوات (بە بستێك) بۆیە فریشتەکانی ڕەحمەت بردیان ، و (خوای پەروەردگاریش لێیخۆشبوو) .

* ئەوەی پێویست بێت لە سودەکانی ئەم فەرموودەیە کە لێرەدا ئاماژەی بۆ بکەین بریتی‌یە لە دوو خاڵ :

**یەکەم** : فەتوای کابرای (خواپەرستی نەزان / العابد الجاهل) : بووە هۆی تیاچوونی خۆی و گومڕا کردنی کابرای بکوژی پرسیارکار ! ئەمەش لەبەر ئەوە بوو (پرسیارکار) گەڕایەوە بۆ لای نەزان ، وە (نەزان)یش فەتوای بۆ دا بە بێ عیلم و زانستی شەرعی ! ! !

**دووەم** : فەتوای زانای سەردەمی خۆی (أعلم أهل الأرض في زمانه) : بووە هۆی ڕزگار کردنی خۆی لە تیاچوون و هیدایەت دانی کابرای پرسیارکاریش لە تاوان و گومڕایەتی ! ئەمەش لە بەر ئەوە بوو (پرسیارکار) گەڕایەوە بۆ لای زانا ، وە زاناکەش فەتوای بۆ دا بە عیلم و زانستی شەرعیەوە .

ئا بەو شێوەیە بەهۆی گەڕانەوە بۆ لای زانایەك ئەو پیاوە تاوانبارە ڕزگاری بوو ، خوای پەروەردگاریش لـێی خۆشبوو .

بەڕاستی ئەگەر فەتوا لە لایەن زاناوە نەدرێت ئەنجامەکانی خراپ دەبێت ، بۆیە پرسیارکردن لە زانای ڕەسەن ڕێگە چارەیە بۆ پاراستنی موسڵمانان لە گومڕابوون و لە تیاچوون :

٢ ـ ( جابر رضي الله عنه) بۆمان دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت : دەرچووبووین لە سەفەرێکدا ، پیاوێك لە ئێمە بەردێك بەر سەری کەوت و سەری بریندارکرد ، پاشان تووشی لەشگرانی بوو ، و پرسیاری لە هاوەڵانی کرد و فەرمووی: ئایە ڕێگەم دەدەن (تەیەموم) بکەم ، ووتیان : نابێت (تەیەموم) بکەیت ، چونکە تۆ ئاوت دەست دەکەوێت و توانای بەکار هێنانیت هەیە ، ئەویش خۆی شوشت و بووە هۆی مردنی ، پاشان کە گەڕاینەوە بۆ لای پێغەمبەری خوا

(ﷺ) ئەوەی پێڕاگەیەنرا : ئەویش فەرمووی : ((قَتَلُوهُ قَتَلَهُمُ اللَّهُ ، أَلاَّ سَأَلُوا إِذْ لَمْ يَعْلَمُوا ، فَإِنَّمَا شِفَاءُ الْعِيِّ السُّؤَالُ ، إِنَّمَا كَانَ يَكْفِيهِ أَنْ يَتَيَمَّمَ))[٩].

واتە : کوشتیان خوای پەروەردگار بیانکوژێت ، ئاخۆ پرسیاریان بکردایە کە نەیانزانی ؟ چونکە چارەی نەزانین پرسیارکردنە ، هەر ئەوەندەی بەسبوو کە (تەیەموم) بکردایە .

کەواتە : چارەی نەزانین پرسیارکـردن و گەڕانەوەیە بۆ لای زانایان .

٣ ـ گرنگی ئەم گەڕانەوەیەش زیاتر لە کاتی فیتنە و سەرهەڵدانی بیدعەدا دەردەکەوێت ، بەسەرهاتی (يزيد الفقير)یش زیاتر ئەو بنەمایەمان بـۆ دووپـات دەکاتەوە ، هەروەکو خۆی بۆمانی دەگێڕێتەوە و دەفەرمووێت :

((كُنْتُ قَدْ شَغَفَنِي رَأْيٌ مِنْ رَأْيِ الْخَوَارِجِ ، فَخَرَجْنَا فِي عِصَابَةٍ ذَوِي عَدَدٍ ، نُرِيدُ أَنْ نَحُجَّ ثُمَّ نَخْرُجَ عَلَى النَّاسِ ، قَالَ : فَمَرَرْنَا عَلَى الْمَدِينَةِ فَإِذَا جَابِرُ بْنُ عَبْدِ اللَّهِ رضي الله عنه يُحَدِّثُ الْقَوْمَ – جَالِسٌ إِلَى سَارِيَةٍ – عَنْ رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، قَالَ : فَإِذَا هُوَ قَدْ ذَكَرَ الْجَهَنَّمِيِّينَ ، قَالَ : فَقُلْتُ لَهُ : يَا صَاحِبَ رَسُولِ اللَّهِ مَا هَذَا الَّذِي تُحَدِّثُونَ ؟! وَاللَّهُ يَقُولُ : ﴿إِنَّكَ مَن تُدۡخِلِ ٱلنَّارَ فَقَدۡ أَخۡزَيۡتَهُۥ ﴿١٩٢﴾﴾ [آل عمـران] ، وَ ﴿كُلَّمَآ

---

[٩] صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٣٦) .

أَرَادُوٓاْ أَن يَخۡرُجُواْ مِنۡهَآ أُعِيدُواْ فِيهَا ﴿٢٠﴾ [السجدة] فَمَا هَذَا الَّذِي تَقُولُونَ ؟! قَالَ : فَقَالَ : أَتَقْرَأُ الْقُرْآنَ ؟ قُلْتُ : نَعَمْ ، قَالَ : فَهَلْ سَمِعْتَ بِمَقَامِ مُحَمَّدٍ – عَلَيْهِ السَّلاَمُ – يَعْنِي الَّذِي يَبْعَثُهُ اللَّهُ فِيهِ ؟ قُلْتُ : نَعَمْ ، قَالَ : فَإِنَّهُ مَقَامُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) الْمَحْمُودُ الَّذِي يُخْرِجُ اللَّهُ بِهِ مَنْ يُخْرِجُ ، قَالَ : ثُمَّ نَعَتَ وَضْعَ الصِّرَاطِ وَمَرَّ النَّاسِ عَلَيْهِ ، قَالَ : وَأَخَافُ أَنْ لاَ أَكُونَ أَحْفَظُ ذَاكَ ، قَالَ : غَيْرَ أَنَّهُ قَدْ زَعَمَ أَنَّ قَوْمًا يَخْرُجُونَ مِنَ النَّارِ بَعْدَ أَنْ يَكُونُوا فِيهَا ، قَالَ : يَعْنِي فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمْ عِيدَانُ السَّمَاسِمِ ، قَالَ : فَيَدْخُلُونَ نَهَراً مِنْ أَنْهَارِ الْجَنَّةِ فَيَغْتَسِلُونَ فِيهِ ، فَيَخْرُجُونَ كَأَنَّهُمُ الْقَرَاطِيسُ ، فَرَجَعْنَا قُلْنَا : وَيْحَكُمْ أَتُرَوْنَ الشَّيْخَ يَكْذِبُ عَلَى رَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) ، **فَرَجَعْنَا فَلاَ وَاللَّهِ مَا خَرَجَ مِنَّا غَيْرُ رَجُلٍ وَاحِدٍ**))[١٠].

واتە : من بۆچوونێك لە بۆچوونەكانی خەوارج خۆشەویست بووبوو لە نێو دڵمدا ، جا لەگەڵ كۆمەڵێكی چەند كەسی دەرچوین ، بە نیازی ئەوەی كە حەج بكەین و ئەنجا خروج بكەین لە خەڵك ، فەرمووی : بەسەر شاری مەدینەدا تێپەڕبووین ، كە چی بینیمان (جابر)ی كوڕی (عبد الله) دانیشتوە و پاڵیداوەتەوە بە كۆڵەكەیەكەوە و فەرموودە لە پێغەمبەری خواوە (ﷺ) بۆ خەڵك باس دەكات ، فەرمووی : لەو كاتەدا باسی دۆزەخییەكانی كرد ،

(١٠) صحيح مسلم رقم : (١٩١) .

فەرمووی : پێیم وت : ئەی هاوەڵی پێغەمبەری خـوا (ﷺ) ئەمـە ئێـوە باسـی چی دەکەن ؟! ئەوەتا خوا فەرموویەتی : ﴿پەروەردگارمان بەڕاستی تۆ هەر کەسێك بخەیتە نێو ئاگرەوە ئەوا سەرشۆڕیت کـردووە﴾ ، وە فەرموویـەتی : ﴿هەر کاتێك بیانـەوێت لـە دۆزەخ بێنـە دەرەوە دەیانگێڕنـەوە بـۆ نـاوی﴾ ، کەواتە : ئایا ئەمە چیـیە ئێوە دەیڵێن ؟!

فەرمووی : ئایا تۆ قورئان دەخوێنیت ؟

وتم : بەڵـێ .

فەرمووی : ئایا پلەوپایەی مُحَمَّد (عَلَيْهِ السَّلاَم)ت بیستووە ـ واتە : ئەوەی کە خوا دەیگەیەنێت پـێی ـ ؟

وتم : بەڵـێ .

فەرمووی : ئا ئەوە پلەوپایـەی سـوپاس کـراوی (مُحَمَّد)ە (ﷺ) کـەوا خـوا خەڵکانێکی پێ دەردەکات لە دۆزەخ .

فەرمووی : ئـەنجا باسـی شـێوەی دانـانی پـردی صـیراط و تێپـەڕ بـوونی خەڵکی بەسەریدا کرد .

فەرمووی : وە ترسام ئـەوە لەبـەر نەکـەم ، فـەرمووی : بـەڵام بەڕاسـتی (جابر) فـەرمووی : خـەڵکانێك دەردەهێنـرێن لـە ئـاگری دۆزەخ دوای ئـەوەی کەوا دەچنە ناویەوە ، فەرمووی : واتە دەردەچن وەکو چکوڵی کونجی وان .

فەرمووی : ئەنجا دەچـنە نێـو رووبارێکـەوە لـە رووبارەکـانی بەهەشـت و خۆیانی تێدا دەشۆن ، ئەنجا دەردەچن وەکو پەڕەی سپی وان .

پاشان ئێمە گەڕاینەوە و وتمان : دەك تیابچن ئایا وا دەبیـنن ئـەم پیـاوە زانـا و بـە تەمەنـە درۆ بکـات بـە دەمـی پێغەمبـەری خـواوە (ﷺ) ؟! ئـەنجا گەڕاینەوە نەخێر سوێند بە خوا کەس لە نێوماندا خروجی نەکرد و دەرنەچوو تەنها یەك پیاو نەبێت .

شوێنی مەبەست و ئاماژە پێ‌کردن لەم چیرۆکەدا ئەوەیە کە :

جـابـــر لەبـەر ئـەوەی زانــــا بـوو بـە قورئـانی پـیرۆز و سوننـەتەکــانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) ، توانی شوبهەکانی یەزید و هاوەڵەکانی بڕەوێنێتەوە و لـە بۆچـوونی خەوارجـەکان دووریان بخاتـەوە ، بۆیـە دبیـنین لـە سـەرەتادا بـەنیازی دەرچـوون لـە خـەڵك و کوشـتنیان هـاتن ، بـەڵام لـە کۆتایـدا بـە پێچەوانەوە گەڕانەوە .

وە ئیمامی (ابن القيم) ـ ڕەحمەتی خوای لێبێت ـ لەم بوارەدا فەرموویەتی : (**العالمُ بكتاب اللهِ وسُنّة رسولـهِ** (ﷺ) **وأقوال الصحابة** : هو المجتهدُ في النوازل ، فهذا النوع الذي يسوغُ لـهم الإفتاءُ ويسوغُ استفتاؤهم ، ويتأدَّى بهم فرض الاجتهاد ، وهم الذين قال فيهم رسول الله (ﷺ) : " إنَّ اللهَ يبعثُ لـهذهِ الأمة على رأسِ كُلِّ مائة سنةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لها دينها " [11] ) [12].

واتە : ئەو کەسەی کە زانایە بە کتێبەکەی خوا (قورئان) و سوننەتەکانی پێغەمبەرەکەی (ﷺ) و فەرموودەی هاوەڵانی پێغەمبەر (ﷺ) : تەنها ئەو دەرهێنەری فەتوایە لە کاتی ڕووداوەکانی سەردەمدا ، وە ئەمانە ئەوانەن کە پێغەمبەری خوا (ﷺ) دەرحەقیان فەرموویەتی : خوای پەروەردگار لە سەرەوی هەموو سەدەیەکدا کەسانێك بۆ ئەم ئوممەتە دەنێرێت کە دین و ئاینەکەیان بۆ تازە بکاتەوە .

**جا خوێنەری یەکخواپەرست** : دەرکەوت کە لە هەموو بارو سەردەمێکدا و بەتایبەتیش لە کات و سەردەمانێکدا کە فیتنە و جیاوازی و ئیختیلاف و پارچە پارچەگەرێتی تێدا بەربڵاو بێت ئەوا گەڕانەوە بۆ لای زانایان پارێزەرە لە گومڕابوون لە تیاچوون :

[11] سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٥٩٩) وصحيح أبي داود رقم : (٤٢٩١).

[12] إعلام الموقعين : (٤ / ٢١٢) .

ئەو زانایانەی کە چاوڕۆشنن بە قورئانی پیرۆز و سوننەتەکانی پێغەمبەری خوا (ﷺ) بە تێگەیشتنی سەلەفی صالّح .

چونکە زانایان ڕەحمەتی خوا لە مردووەکانیان بێت و زیدووەکانیشیانمان بۆ بپارێزێت وەك ئیمامی (الطبري / ٢٢٤ - ٣١٠ هـ) فەرموویەتی : (فضلَّهم اللهُ بشرف العلم ، وكرَّمهم بوِقار الحلم ، وجعلهم للدين وأهلهِ أعلاما ، وللإسلام والهُدى منارا ، وللخلقِ قادة ، وللعبادِ أئمةٌ وسادة)[١٣].

واتە : زانایان خوا پایەداریانی کردووە بە ڕێزی زانستەوە ، وە ڕێزداریانی کردووە بە قورس و سەنگینی و نەرم و نیانی‌یەوە ، وە کردوویانێتی بە چیای ڕاگر و پارێزەری ئاین و ئاین پەروەران ، وە کردوویانێتی بە نیشانە و ناسێنەری ئیسلام و ڕێگاری ڕاست و هیدایەت ، وە کردوویانێتی بە ڕابەری بوونەوەر و پێشەوا و سەرکردە و سەرمەشقی خواپەرستان .

وە ئەم بابەتە (**گەڕانەوە بۆ لای زانایان** ...) کۆتایی دێنم : بەم وتە زۆر بە نرخەی ڕابەر و پێشەوای هەموو ئەهلی سوننە ئیمامی (ئەحمەد) ڕەحمەتی خوای گەورەی لێبێت کە فەرموویەتی :

---

[١٣] صريحُ السنَّة للإمام الطبري ص : (١٦) .

(الحمدُ للهِ الذي جعلَ في كُلِّ فَترةٍ من الرُّسل **بقايا من أهل العلم** : يدعُونَ مَنْ ضَلَّ إلى الهُدى .. ويصبرونَ منهم على الأذى .. يُحيونَ بكتاب اللهِ المَوتى .. ويُبصرونَ بنورِ اللهِ أهلَ العَمى ، فكم مِنْ قَتيلٍ لإبليسٍ أَحيَوْهُ .. وكم مِنْ ضالٍّ تائِهٍ قد هَدَوهُ .. فما أحسنَ أثرُهُم على الناس وأقبحَ أثرُ الناسِ عليهم !!! ينفَونَ عن كتابِ اللهِ تَحريفَ الغالين ، وانتحالَ المُبطلين ، وتأويلَ الجاهلين)[١٤].

**واتە : سوپاس و ستایش بۆ ئەو خوایەی کە لە دوای پێغەمبەران لە هەموو سەردەمێکدا هەندێکی هێشتووەتەوە لە زانایان : بانگەوازی گومڕا بووان دەکەن بۆ سەر ڕێگای ڕاست و هیدایەت .. وە ئارام دەگرن لە سەر ئازاردانی ئەوان بۆیان .. بە کتێبەکەی خوا دڵ مردووەکان زیندوو دەکەنەوە .. وە بە ڕووناکی ئاینەکەی خوا کەسانی کوێر و گوێرەوەر چاو ڕۆشن دەکەنەوە .**

**جا چەندین کوژراوی دەستی شەیتانیان زیندوو کردووەتەوە .. وە چەندین گومڕا و سەرگەردان و سەرلێشێواویان ڕێپیشانداوە ..**

**ئای چەند جوانە شوێنەواری هەوڵەکانی زانایان بۆ سەر خەڵکی .. وە چەند ناشیرینە شوێنەواری خەڵکی بۆ سەر ئەوان ! ! !**

[١٤] قالهُ إمامُ أهل السنَّة الإمام أحمد في مُقدمة كتابهِ : "الردُّ على الجهمية" .

گۆڕان کاری زیادەڕەوەکان ، و ئەو شتانەی کە پوچەڵ کارەکان دەیدەنە پاڵ دین ، و بە هەڵە مانا کردنی نەزان و نەفامەکان : لـە کتێبەکەی خوا دوور دەخەنەوە .

* **سوودێك :**

بسم الله الرحمن الرحيم

قال الله تعالى :

﴿وَجَعَلْنَا مِنْهُمْ أَئِمَّةً يَهْدُونَ بِأَمْرِنَا لَمَّا صَبَرُوا وَكَانُوا بِآيَاتِنَا يُوقِنُونَ﴾

[سورة السجدة : ٢٤]

قال شيخ الإسلام ابن تيمية :

(بالصَّبرِ واليقين تُنال الإمامة في الدِّين)

أي :

. بالصَّبرِ عن الشهوات ..

. واليقين من الشبهات ..

**واتە : پێشەوایەتی لە ئایندا بە ئارامگرتن لە ئارەزووەکان و دڵنیابوون لە گومانەکان دەست دەکەوێت ..**

## لە بنەماکانی بیروباوەڕی

# ئەهلی سوننە و جەماعە

## خۆشویستنی زانایان و بە چاکە باسکردنیانە

## وە

## لە بناماکانی

# ئەهلی بیدعە و حزبایەتی

## ڕق لێبوونیان و بە خراپە باسکردنیانە

کۆکردنەوە و وەرگێڕانی

محمد عبد الرحمن لطیف / کەلار

چاپی سێیەم

١٤٣٦ ك

# حُبُّ العلماء وذِكرهم بالـخير :

قـالَ اللهُ تعالـى : ﴿يَرْفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُوا۟ مِنكُمْ وَٱلَّذِينَ أُوتُوا۟ ٱلْعِلْمَ دَرَجَٰتٍ ۚ ١١﴾ [المجادلة] .

وقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ وَأَهْلَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ حَتَّى النَّمْلَةَ فِي جُحْرِهَا وَحَتَّى الْحُوتَ **لَيُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِ النَّاسِ الْخَيْرَ**)) [صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٨٥)] .

وقال الإمام الطحاوي رحمه الله : (**وَعُلَمَاءُ السَّلَفِ مِنَ السَّابِقِينَ ، وَمَنْ بَعْدَهُمْ مِنَ التَّابِعِينَ** - أَهْلِ الْخَيْرِ وَالْأَثَرِ، وَأَهْلِ الْفِقْهِ وَالنَّظَرِ - **لَا يُذْكَرُونَ إِلَّا بِالْجَمِيلِ** ، وَمَنْ ذَكَرَهُمْ بِسُوءٍ فَهُوَ عَلَى غَيْرِ السَّبِيلِ) [متن العقيدة الطحاوية] .

وقال شيخ الإسلام ابن تيمية رحمه الله : (.. وَمِنْهُمْ : **أَعْلَامُ الْهُدَى** ، **وَمَصَابِيحُ الدُّجَى** ، **أُولُو الْمَنَاقِبِ الْمَأْثُورَةِ** ، **وَالْفَضَائِلِ الْمَذْكُورَةِ** ، وَفِيهِمُ الْأَبْدَالُ ، وَفِيهِمْ أَئِمَّةُ الدِّينِ ، الَّذِينَ أَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ عَلَى هِدَايَتِهِمْ وَدِرَايَتِهِمْ ، **وَهُمُ الطَّائِفَةُ الْمَنْصُورَةُ** ...) [متن العقيدة الواسطية]

وقال الإمام أبو حاتم الرازي رحمه الله : (**علامةُ أهل البدَع الوقيعةُ في أهل الأثر**) [شرح أصول اعتقاد أهل السنة والجماعة : (١ / ١٨٢)] .

وقال الإمام قتيبة بن سعيد رحمه الله : (إذا رأيت الرجل **يُحبُّ أهل الحديث فإنَّهُ على السنَّة** ، **ومَنْ خالفَ هذا فاعلم أنَّهُ مُبتدع**) [شعار أصحاب الحديث ص : (٧)].

بسم الله الرحمن الرحيم

إِنَّ الحَمْدَ للهِ نَحْمَدُهُ وَنَسْتَعِيْنُهُ وَنَسْتَغْفِرُهُ ، وَنَعُوْذُ بِاللهِ مِن شُرُوْرِ أَنْفُسِنَا وَمِنْ سَيِّئَاتِ أَعْمَالِنَا ، مَنْ يَهْدِهِ اللهُ فَلا مُضِلَّ لَهُ وَمَنْ يُضْلِلْ فَلا هَادِيَ لَهُ.

وَأَشْهَدُ أَنْ لا إِلَهَ إِلاَّ اللهُ وَحْدَهُ لا شَرِيْكَ لَهُ ، وَأَشْهَدُ أَنَّ مُحَمَّداً عَبْدُهُ وَرَسُوْلُهُ ، صَلَّى اللهُ عَلَيْهِ وَعَلَى آلِهِ وَأَصْحَابِهِ وَمَنْ تَبِعَهُمْ بِإِحسَانٍ وَسَلَّمَ تَسْلِماً.

أَمَّا بَعْدُ : فَإِنَّ خَيْرَ الحَدِيْثِ كِتَابُ اللهِ وَخَيْرَ الهَدْيِ هَدْيُ مُحَمَّدٍ (ﷺ) وَشَرَّ الأُمُوْرِ مُحْدَثَاتُهَا وَكُلَّ مُحْدَثَةٍ بِدْعَةٌ وَكُلَّ بِدْعَةٍ ضَلالَةٌ وَكُلَّ ضَلالَةٍ فِي النَّارِ .

**زانایانی ئەهلی سوننە میراتگری پێغەمبەرانی خوای گەورەن و لە پاش ئەوان ئەركی گەیاندنی دین و پەیامی خوا لە ئەستۆی ئەماندایە ، وە خاوەنی چەندین فەزڵ و چاكەن :**

(أبو الدرداء رضي الله عنه) **فەرموویەتی بیستم پێغەمبەر** (ﷺ) **فەرمووی :** ((مَنْ سَلَكَ طَرِيقاً يَلْتَمِسُ فِيهِ عِلْماً سَهَّلَ اللَّهُ لَهُ طَرِيقًا إِلَى الْجَنَّةِ ، وَإِنَّ الْمَلاَئِكَةَ لَتَضَعُ أَجْنِحَتَهَا رِضاً لِطَالِبِ الْعِلْمِ ، وَإِنَّ طَالِبَ الْعِلْمِ يَسْتَغْفِرُ لَهُ مَنْ فِي السَّمَاءِ وَالأَرْضِ حَتَّى الْحِيتَانِ فِي الْمَاءِ ، وَإِنَّ فَضْلَ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِ الْقَمَرِ عَلَى سَائِرِ الْكَوَاكِبِ ، وَإِنَّ الْعُلَمَاءَ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ ، وَإِنَّ الأَنْبِيَاءَ لَمْ يُوَرِّثُوا دِينَاراً وَلاَ دِرْهَماً ، وَإِنَّمَا وَرَّثُوا الْعِلْمَ فَمَنْ أَخَذَهُ أَخَذَ بِحَظٍّ)) . (١)

(١) صحيح سنن أبي داود رقم : (٣٦٤١) ، وصحيح سنن ابن ماجه رقم : (١٨٢) .

واتە : هەرکەسێك رێگایەك بگرێتەبەر بۆ بەدەست خستنی زانستی شەرعی ئەوا خوای گەورە رێگای بەهەشتی بۆ ئاسان دەکات ، وە فریشتەکان باڵیان رادەخەن بۆ ئەو کەسەی دەگەڕێت بە دوای زانستی شەرعیدا لەبەر ئەوەی رازین بەوەی بۆی دەگەڕێت ، وە هەموو ئەوانەی کە لە ئاسمانەکان و زەویدان داوای لێخۆشبون دەکەن بۆ شەرع زانەکان تەنانەت ماسیش لە دەریادا ، وە گەورەیی و چاکێتی شەرع زان بەسەر پەرستکار (عابد)ەوە وەك چاکێتی و جوانی مانگ وایە بەسەر هەموو ئەستێرەکانەوە ، وە زانایان میراتگری پێغەمبەرانن ، وە پێغەمبەران دینار و درهەمیان بە میرات بەجێ نەهێشتوە بەڵکو تەنها زانستی شەرعیان بەمیرات بەجێ هێشتوە ، جا هەرکەسێ بەدەستی خات ئەوا بەشێکی زۆری بەدەست خستوە .

وە چەندین بەڵگەی تر هاتووە لە نێو قورئان و فەرمودە صەحیحەکانی پێغەمبەردا (ﷺ) سەبارەت بە فەزڵ و چاکەی زانایان لەوانە :

خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿إِنَّمَا يَخْشَى ٱللَّهَ مِنْ عِبَادِهِ ٱلْعُلَمَٰٓؤُا۟ ۝٢٨﴾ [فاطر] .

واتە : تەنها بەندە شەرع زانەکان لە خوا دەترسن .

وە فەرموویەتی : ﴿قُلْ هَلْ يَسْتَوِى ٱلَّذِينَ يَعْلَمُونَ وَٱلَّذِينَ لَا يَعْلَمُونَ ۝٩﴾ [الزمر].

واتە : بڵێ ئایا ئەو کەسانەی کە شارەزان و شەرع زانن وەك ئەو کەسانەن کە نەشارەزان ؟

وە فەرموویەتی : ﴿يَرۡفَعِ ٱللَّهُ ٱلَّذِينَ ءَامَنُواْ مِنكُمۡ وَٱلَّذِينَ أُوتُواْ ٱلۡعِلۡمَ دَرَجَٰتٖۚ ١١﴾ [المجادلة. ]

واتە : خوا پلەی ئیمانداران لە ئێوە و ئەوانەی زانستی شەرعیان پێدراوە بەرز دەكاتەوە .

وە پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((مَنْ يُرِدِ اللَّهُ بِهِ خَيْرًا يُفَقِّهْهُ فِي الدِّينِ)) (١)

واتە : ئەگەر كەسێك خوا خەیروچاكەی بۆ بوێت ئەوا شارەزا و زانای دەكات لە ئیسلام .

وە لە (أبو أُمَامَةَ الْبَاهِلِي)ەوە (رضي الله عنه) دەگێڕنەوە فەرموویەتی : ذُكِرَ لِرَسُولِ اللَّهِ (ﷺ) رَجُلاَنِ أَحَدُهُمَا عَابِدٌ وَالآخَرُ عَالِمٌ ، فَقَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : فَضْلُ الْعَالِمِ عَلَى الْعَابِدِ كَفَضْلِي عَلَى أَدْنَاكُمْ ، ثُمَّ قَالَ رَسُولُ اللَّهِ (ﷺ) : ((إِنَّ اللَّهَ وَمَلاَئِكَتَهُ وَأَهْلَ السَّمَوَاتِ وَالأَرْضِ حَتَّى النَّمْلَةَ فِي جُحْرِهَا وَحَتَّى الْحُوتَ لَيُصَلُّونَ عَلَى مُعَلِّمِ النَّاسِ الْخَيْرَ))(٢).

واتە : باسی دوو پیاو كرا بۆ پێغەمبەری خوا (ﷺ) یەكێكیان پەرستكار بوو ئەوی تریانیش زانـا بوو ، پێغەمبەری خوایش (ﷺ) فەرمووی : فەزڵ و چاكەی زانـا بەسەر پەرستكارەوە وەكو فەزڵ و چاكەی من وایە بەسەر نزمترینتانەوە ، ئەنجا پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرمووی : بەڕاستی خوا و

(١) صحيح البخاري رقم : (٧١) .

(٢) صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٦٨٥) ، وصحيح الجامع الصغير رقم : (٤٢١٣) .

فریشتەکانی و خەڵکی ئاسمانەکان و زەوی و تەنانەت مێروولەش لە نێو کونەکەیدا و تەنانەت ماسیش دوعای خێر دەکەن بۆ ئەو کەسانەی کەوا خەڵکی فێری خێر و چاکە دەکەن .

## * کۆمەڵی ڕزگاربوو و سەرخراو (الفرقة الناجية المنصورة) بریتین لە (زانایان و ئەهلی حەدیث) :

پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((وَتَفْتَرِقُ هذه الأُمَّةَ عَلَى ثَلاثٍ وَسَبْعِينَ فِرْقَةً ، كُلّهَا فِي النّارِ إلاّ وَاحِدَةً ، وَهِيَ الْجَمَاعَةُ)).[4]

واتە : ئەم ئوممەتە دابەش دەبێت بۆ حەفتاوسێ فیرقە ، هەموویان لە ئاگری دۆزەخ دان تەنها یەکێکیان نەبێت ، ئەویش (**الـجماعة**)یە .

هەروەها پێغەمبەری خوا (ﷺ) فەرموویەتی : ((لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي مَنْصُورِينَ لاَ يَضُرُّهُمْ مَنْ خَذَلَهُمْ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ)).[5]

واتە : بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم سەرخراون و ئەوانەی کە سەریان ناخەن زیانیان پێناگەیەنن تاوەکو ڕۆژی قیامەت دێت .

* ئیمامی (أحمد / ١٦٤ - ٢٤١ هـ) فەرموویەتی : (إنْ لَمْ تكُنْ هذه الطائفة المنصورة **أصحاب الحديث** فلا أدري مَنْ هُم).

---

[٤] رواه الحاكم في المستدرك رقم : (٤٠٧) وصححه الألباني في سلسلة الأحاديث الصحيحة رقم : (٢٠٤) .

[٥] صحيح سنن الترمذي رقم : (٢٣٥١) .

**هەروەها فەرموویەتی** : (إنْ لمْ يكونوا **أهل الحديث** فلا أدري مَنْ هُم).

**واتە : ئەگەر (کۆمەڵی سەرخراو و ڕزگاربوو) بریتی نەبن لە (ئەهلی حەدیث) ئەوا نازانم کێن .**

* **وە ئیمامی** (عبد الله بن المبارك / ١١٨ ـ ١٨١ هـ) **فەرموویەتی : (هُم عندي أصحاب الحديث).**

**واتە : ئەوانە لای من بریتین لە (ئەهل و هەڵگرانی حەدیث) .**

* **ئیمامی** (علي بن المدني شيخ الإمام البخاري / ١٦١ ـ ٢٣٤ هـ) [6]، **هەروەها ئیمامی** (البخاري / ١٩٤ ـ ٢٥٦ هـ) **هەردووکیان فەرموویانە : (هُم أصحاب الحديث).**

**واتە : ئەوانە بریتین لە (ئەهل و هەڵگرانی حەدیث) .**

* **هەروەها ئەمە وتەی ئەم پێشەوا و زانایانەشە ڕەحمەتی خوا لە هەموویان بێت :** (الإمام الأصفهاني / ت ـ ٥٣٥ هـ) ، (الحاكم النيسابوري / ت ـ ٤٠٥ هـ) ، (الحافظ ابن حِبَّان / ت ـ ٣٥٤ هـ) وغيرهم من الفقهاء والمحدثين قديماً وحديثاً ...

---

(٦) قال عنهُ الإمام البخاري : (**وكان علي أعلم أهل زمانِهِ**) "فتح الباري شرح صحيح البخاري" ٢ / ٢٨٥ .

* وە ئیمـامی (أحمد بن سنان / ت ـ ٢٥٩ هـ) فەرموویـەتی : (**هُم أهل العلم وأصحاب الآثار**)[7].

**واتە : ئەوانە بریتین لە (ئەهلی عیلم و هەڵگرانـی حەدیث و میراتیییەکـەی پێغەمبەر . (ﷺ)**

* **ئیمامی** (البخاري / ١٩٤ ـ ٢٥٦ هـ) **فەرموویەتی** : (باب قول النبي (ﷺ) : "لاَ تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي ظَاهِرِينَ عَلَى الْحَقِّ" **وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ**)[٨].

**واتە : ئەوانە ئەهلی عیلمن .**

**هـەروەها ئیمـامی** (البخاري) **فەرموویـەتی** : (باب قَوْلِهِ تَعَالَى : ﴿وَكَذَٰلِكَ جَعَلْنَاكُمْ أُمَّةً وَسَطًا﴾ وَمَا أَمَرَ النَّبِيُّ (ﷺ) بِلُزُومِ الْجَمَاعَةِ **وَهُمْ أَهْلُ الْعِلْمِ**).

**واتە : بابەتی [ئێوەمان کردووە بە ئوممەتێکی مامناوەند] و ئەوەش کـە پێغەمبـەر (ﷺ) فـەرمانی پـێکردووە بـە پیوەست بـوون بـە (الــجماعة)وە ئەوانیش بریتین لە ئەهلی عیلم .**

---

[٧] **کتێبی** : (أَهْلُ الحَدِيث هُمُ الطَّائِفَةُ المَنْصورَةُ النَّاجِيَة) **بخوێنەرەوە** .

[٨] فتح الباري شرح صحيح البخاري : (١٣/٣٥٨) .

وقال الحافظ ابن حجر في شرحهِ : (**أَنَّ أَهْلَ الْجَهْلِ لَيْسُوا عُدُولًا وَكَذَلِكَ أَهْل الْبِدَع** ، فَعُرِفَ أَنَّ الْمُرَاد بِالْوَصْفِ الْمَذْكُور : أَهْل السُّنَّة وَالْجَمَاعَة وَهُمْ أَهْل الْعِلْم الشَّرْعِيّ ...

وَقَالَ اِبْن بَطَّال : مُرَاد الْبَاب الْحَضُّ عَلَى الِاعْتِصَام بِالْجَمَاعَةِ ... **وَالْمُرَادُ بِالْجَمَاعَةِ** : **أَهْلُ الْحَلِّ وَالْعَقْدِ مِنْ كُلّ عَصْر** ، ... وَهُمْ الْمُرَاد بِقَوْلِهِ : "**وَهُمْ أَهْل الْعِلْم**") ا.هـ ملخصاً[٩].

واتە : كەسانی نەزان و خاوەن جەهل دادپەروەر نین و هەروەها (ئەهلی بیدەع)یش ، بۆیە زانرا كەوا مەبەست بەو وەسفەی كە باسكرا بریتییە لە : (**ئەهلی سوننە و جەماعە**) ئەوانیش (**ئەهلی عیلمی شەرعی**)ن ، وە (ابن بطال) فەرموویەتی : مەبەستی ئەم بابەتە بریتییە لە : هاندان بۆ دەستگرتن بە (**الجماعة**)وە .. وە مەبەستیش بە (**الجماعة**) بریتییە لە : (ئەهلی حەل و عەقد) لە هەموو سەردەمێكدا ... ئەوانیش مەبەستن بەوەی كە وتویەتی : **ئەهلی عیلمن** .

وقال الحافظ أيضاً : (وَقَالَ قَوْم : **الْمُرَادُ بِهِمْ أَهْل الْعِلْم** لِأَنَّ اللَّه جَعَلَهُمْ حُجَّةً عَلَى **الْخَلْقِ وَالنَّاس تَبَعٌ لَهُمْ فِي أَمْرِ الدِّين**).[10]

---

[٩] فتح الباري : (١٣/٣٨٦ - ٣٨٧) .

واتە : وە خەڵكانێك فەرموویانە : مەبەست بە **الـجماعة**) بـریتـی‌یـە لـە : تەنها صەحابە جگە لەوانەی دوای ئـەوان ، وە خـەڵكانێكی تـر فەرموویانـە : مەبەست پێیان بریتی‌یە لە : (**ئەهلی عـیلم**) چـونكە خـوای گـەورە (**ئـەهلی عیلم**)ی كردووە بە بەڵگە بەسەر بوونەوەرەوە ، وە خەڵكیش لە بواری ئایندا شوێنكەوتەی ئەوانن .

**سودێـك** : دەبینین ئیمامی (البخاري) ڕەحمـەتی خـوای گـەورەی لێبێـت لێرەدا سەبارەت بە دەست نیشان كردنی (الطائفة المنصورة والفرقة الناجية) دوو وتەی هەیە ، بەڵام هیچ جیاوازی‌یەك نی‌یە لـە نێـوان ئـەم دوو لێكدانەوەیـەدا وەك ئیمامی (الألباني) بە ڕەحمەت بێت پـاش گێڕانـەوەی هـەردوو ووتەكـەی ئیمامی (البخاري) فەرموویەتی : (ولا مُنافاةَ بينهُ وبين ما قبلهُ كما هو ظاهر ، لأنَّ أهل العلم هُم أهل الحديث ، وكُلَّما كان امرءٌ أعلم بالحديث كان أعلم في العلم مِمَّنْ هو دونهُ في الحديث كما لا يَخفى).(11)

وە وتەكەی ئمامی (أحمد بن سنان / ت - ٢٥٩ هـ) كە فەرموویەتی : (هُم أهل العلم وأصحاب الآثار) بەڵگەیـەكی زۆر ڕوون و ئاشـكرایە بـۆ وتەكـەی ئیمامی (الألباني) ڕەحمەتی خوای پەروەردگار لە هەموویان بێت .

---

(١٠) فتح الباري : (١٣ / ٤٧) .
(١١) سلسلة الأحاديث الصحيحة : (١ / ٤٨١) .

وقال الإمام الترمذي [٢٠٩ ـ ٢٧٩ هـ] : (وتفسير الـجماعة عند أهل العلم : **هُم أهل الفقه والعلم والـحديث**).

واته : تەفسیر و لێکدانەوەی (**الـجماعة**) به لای زانایانەوە : ئەوانەن کە **ئەهلی فقه** و زانست و فەرموودەن .

بۆیە خۆشویستن و ڕێزلێگرتن و گوێڕایەڵی بۆ کردن و شوێنکەوتن و بە چاکە باسکردنی زانایان بریتی‌یە لە خۆشویستن و ڕێزلێگرتن لەو میراتەی کە لە پێغەمبەرانی خوای گەورەوە پێیانگەیشتووە و دەیگەیەنن و شوێنکەوتنیشە بۆ بەرنامەی (**کۆمەڵی سەرخراو و ڕزگاربوو**) .

وە ئەمەش (**یەکێکە لە ئوصول و بناماکانی بیروباوەڕی ئەهلی سوننە و جەماعە**) :

(شيخ الإسلام ابن تيمية) **لە کتێبی** (العقيدة الواسطية)**دا فەرموویەتی** : (.. وَمِنْهُمْ أَعْلَامُ الْهُدَى ، وَمَصَابِيحُ الدُّجى ، أُولُو الْمَنَاقِبِ الْمَأْثُورَةِ ، وَالْفَضَائِلِ الْمَذْكُورَةِ ، وَفِيهِمُ الْأَبْدَالُ ، وَفِيهِمْ أَئِمَّةُ الدِّينِ ، الَّذِينَ أَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ عَلَى هِدَايَتِهِمْ وَدِرَايَتِهِمْ ، وَهُمُ الطَّائِفَةُ الْمَنْصُورَةُ الَّذِينَ قَالَ فِيهِمُ النَّبِيُّ (ﷺ) : "لَا تَزَالُ طَائِفَةٌ مِنْ أُمَّتِي عَلَى

الْحَقِّ مَنْصُورَةً ، لَا يَضُرُّهُمْ مَنْ خَالَفَهُمْ ، وَلَا مَنْ خَذَلَهُمْ ؛ حَتَّى تَقُومَ السَّاعَةُ" ، نَسْأَلُ اللَّهَ أَنْ يَجْعَلَنَا مِنْهُمْ ..)[١٢].

واتە : لە نێو ئەهلی سوننەدا زانایانی ڕێنماییکار و چراکانی تاریکی هەن ، ئەوانەی کە خاوەنی چەندین ڕێز و چاکەی لەپاش خۆ بە جێماو و هەمیشە باس کراون ، وە نوێکەرەوانەی ئاینیان تێدایە کە هەندێکیان جێی هەندێکی تریان دەگرنەوە لە نوێ کردنەوەی ئەم دینەدا ، وە پێشەوایانی ئاینیان تێدایە ، ئەوانەی کە موسڵمانان کۆڕا و یەکدەنگن لەسەر ڕێنماییکراوی و تێگەیشتن و شارەزاییان ، ئەوانن کۆمەڵی سەرکەوتاوو کەوا پێغەمبەر (ﷺ) لەبارەیانەوە فەرموویەتی : "بەردەوام کۆمەڵێك لە ئوممەتەکەم لەسەر حەق سەرخراون ، زیانیان پێناگەیەنن ئەوانەی کە پێچەوانەیان دەکەن و ئەوانەش

---

[١٢] شرح العقيدة الواسطية ص : (١٨٦ - ١٨٧) .

قال الشيخ محمد خليل الهراس : (وَأَمَّا الْأَبْدَالُ ؛ فَهُمْ جَمْعُ بَدَلٍ ، وَهُمُ الَّذِينَ يَخْلُفُ بَعْضُهُمْ بَعْضًا فِي تَجْدِيدِ هَذَا الدِّينِ وَالدِّفَاعِ عَنْهُ ؛ كَمَا فِي الْحَدِيثِ : "**يَبْعَثُ اللَّهُ لِهَذِهِ الْأُمَّةِ عَلَى رَأْسِ كُلِّ مِائَةِ سَنَةٍ مَنْ يُجَدِّدُ لَهَا أَمْرَ دِينِهَا**" ) .

واتە : (الْأَبْدَالُ) بریتین لە ئەوانەی کەوا هەندێکیان جێی هەندێکی تریان دەگرنەوە لە نوێ کردنەوەی ئەم دینە و بەرگری کردن لێی ، هەروەکو لە فەرمووودەکەدا هاتەووە کە پێغەمبەر (ﷺ) فەرموویەتی : "خوای گەورە لە سەرەتای هەموو سەد ساڵ جارێکدا کەسانێك دەنێرێت بۆ ئەم ئوممەتە کەوا بواری ئاینەکەیانیان بۆ نوێ دەکەنەوە" .

كه‌ پشتيان به‌رده‌ده‌ن ، تاوه‌كو قيامه‌ت هه‌ڵده‌سێت" ، داواكارين له‌ خوا كه‌ بمانكات به‌ به‌شێك لێيان ..

وه‌ ئيمامی (الطحاوي) له‌ كتێبی (العقيدة الطحاوية)دا فه‌رموويه‌تی : (وَعُلَمَاءُ السَّلَفِ مِنَ السَّابِقِينَ ، وَمَنْ بَعْدَهُمْ مِنَ التَّابِعِينَ - أَهْلِ الْخَيْرِ وَالْأَثَرِ، وَأَهْلِ الْفِقْهِ وَالنَّظَرِ - **لَا يُذْكَرُونَ إِلَّا بِالْجَمِيلِ** ، وَمَنْ ذَكَرَهُمْ بِسُوءٍ فَهُوَ عَلَى غَيْرِ السَّبِيلِ).

واته‌ : وه‌ زانايانی سه‌له‌ف ئه‌وانه‌ی پێشين و ئه‌وانه‌ش كه‌ به‌دوای ئه‌واندا هاتوون له‌ تابعين ئه‌هلی خێر و ئه‌ثه‌رن وه‌ ئه‌هلی فقه‌ و تێڕوانينن باس ناكرێن ئيللا به‌ جوانی نه‌بێت ، وه‌ هه‌ركه‌سێك به‌ خراپه‌ باسيان بكات ئه‌وا ئه‌و كه‌سه‌ له‌سه‌ر ڕێگای ڕاست نی يه‌ .

شێخ (صالح الفوزان) كه‌ خاوه‌نی كتێبی (التعليقات المختصرة على متن العقيدة الطحاوية)يه‌ له‌ شه‌رحی ئه‌م بنه‌مايه‌دا فه‌رموويه‌تی :

(لما فرغ - الطحاوي رحمه الله - من حقوق الصحابة وأهل البيت ، وما يجب لهم من المحبة والموالاة ، وعدم التنقُّص لأحد منهم انتقل إلى الذين يلونهم في الفضيلة وهم العلماء.

فعلماء هذه الأمة لهم منزلة وفضل بعد الصحابة؛ لأنهم ورثة الأنبياء ، لقوله عليه الصلاة والسلام : " الْعُلَمَاءُ وَرَثَةُ الأَنْبِيَاءِ " والمراد بهم : علماء أهل السنة والجماعة ، أهل العلم والنظر والفقه ، وأهل الأثر ، وهم أهل الحديث.

فالعلماء على قسمين:

القسم الأول: علماء الأثر : وهم المحدثون الذين اعتنوا بسنة النبي (ﷺ) وحفظوها وذبُّوا عنها ، وقدموها للأمة صافية نقية ، كما نطق بها رسول الله (ﷺ) ، وأبعدوا عنها كل دخيل وكل كذب ، فنحوا الأحاديث الموضوعة وبينوها وحاصروها ، فهؤلاء يسمون: علماء الرواية.

القسم الثاني : وهم الفقهاء، وهم الذين استنبطوا الأحكام، من هذه الأدلة، وبينوا فقهها، وشرحوها وبينوها للناس، فهؤلاء يسمون: علماء الدراية.

ومنهم من جمع بين العلمين، ويسمون: فقهاء المحدثين، كالإمام أحمد، ومالك، والشافعي، والبخاري.

وكل هؤلاء العلماء لهم فضل، والنبي (ﷺ) قال: "نضّر الله أمرأً سمع مقالتي فوعاها فأدّاها كما سمعها" فالنبي (ﷺ) دعا لهم ومدحهم.

فالعلماء قاموا بما أوجب الله عليهم من حماية الدين والعقيدة ... وبينوا أيضاً فقه الكتاب والسنة...

وفي فضل العلماء جاء في الحديث عن النبي (ﷺ) : "فضل العالم على العابد كفضل القمر على سائر الكواكب" وذلك لأن نفعهم يتعدّى ، وفي رواية: "فضل العالم على العابد كفضلي على أدناكم" فالعلماء لهم احترام ومنزلة.

فلا يجوز الطعن فيهم وتنقصهم حتى لو حصل من بعضهم خطأ في الاجتهاد ، فهذا لا يقتضي تنقصهم؛ لأنهم قد يخطئون ، ومع ذلك هم طالبون للحق، قال النبي (ﷺ) : "إذا اجتهد الحاكم فأصاب فله أجران، وإذا اجتهد فأخطأ فله أجر واحد" وهذا في حق العلماء وليس المتعالمين؛ لأنه لا يحق لهم أن يدخلوا فيما لا يحسنون).

**هەروەها پێشەوا** (ابن أبي العز) **كە خاوەنی كتێبی** (شرح العقيدة الطحاوية)**یە لە شەرحی ئەم بنەمایەدا فەرموویەتی :**

(ش : قَالَ تَعَالَى : ﴿وَمَن يُشَاقِقِ ٱلرَّسُولَ مِنۢ بَعۡدِ مَا تَبَيَّنَ لَهُ ٱلۡهُدَىٰ وَيَتَّبِعۡ غَيۡرَ سَبِيلِ ٱلۡمُؤۡمِنِينَ نُوَلِّهِۦ مَا تَوَلَّىٰ وَنُصۡلِهِۦ جَهَنَّمَۖ وَسَآءَتۡ مَصِيرًا ١١٥﴾ [النساء].

فَيَجِبُ عَلَى كُلِّ مُسْلِمٍ بَعْدَ مُوَالَاةِ اللَّهِ وَرَسُولِهِ مُوَالَاةُ الْمُؤْمِنِينَ، كَمَا نَطَقَ بِهِ الْقُرْآنُ، **خُصُوصاً الَّذِينَ هُمْ وَرَثَةُ الْأَنْبِيَاءِ**، الَّذِينَ جَعَلَهُمُ اللَّهُ بِمَنْزِلَةِ النُّجُومِ، يُهْدَى بِهِمْ فِي ظُلُمَاتِ الْبَرِّ وَالْبَحْرِ .

**وَقَدْ أَجْمَعَ الْمُسْلِمُونَ عَلَى هِدَايَتِهِمْ وَدِرَايَتِهِمْ**، إِذْ كُلُّ أُمَّةٍ قَبْلَ مَبْعَثِ مُحَمَّدٍ (ﷺ) عُلَمَاؤُهَا شِرَارُهَا، إِلَّا الْمُسْلِمِينَ، فَإِنَّ عُلَمَاءَهُمْ خِيَارُهُمْ، فَإِنَّهُمْ خُلَفَاءُ الرَّسُولِ مِنْ أُمَّتِهِ، وَالْمُحْيُونَ لِمَا مَاتَ مِنْ سُنَّتِهِ، فَبِهِمْ قَامَ الْكِتَابُ وَبِهِ قَامُوا، وَبِهِمْ نَطَقَ الْكِتَابُ وَبِهِ نَطَقُوا ... فَلَهُمُ الْفَضْلُ عَلَيْنَا وَالْمِنَّةُ بِالسَّبْقِ، وَتَبْلِيغِ مَا أُرْسِلَ بِهِ الرَّسُولُ (ﷺ) إِلَيْنَا، وَإِيضَاحِ مَا كَانَ مِنْهُ يَخْفَى عَلَيْنَا، فَرَضِيَ اللَّهُ عَنْهُمْ وَأَرْضَاهُمْ)[١٣].

**واتە : خوای گەورە فەرموویەتی : ﴿هەر کەسێك سەرپێچی پێغەمبەر (ﷺ) بکات و پشتی لێهەڵکات لە پاش ئەوەی کە ڕێگای ڕاستی هیدایەتی بۆ ڕوون بوبێتەوە ، وە شوێنی ڕێگا و بەرنامەی جگە لە باوەڕداران بکەوێت ئەوا ئێمە لە دونیادا ڕووی وەردەگێڕین بۆ لای ئەوەی کە ئەو ڕووی لێکردووە و لە قیامەتیشدا دەیخەینە ناو دۆزەخەوە کە خراپترین سەرەنجامە بۆیان﴾ .**

**بۆیە پێویستە لەسەر هەموو موسڵمانێك لە پاش خۆشەویستی و دۆستایەتی خوا و پێغەمبەرەکەی خۆشەویستی و دۆستایەتی هەبێت بۆ**

---

[١٣] شرح العقيدة الطحاوية لابن أبي العز ص : (١٩٨ ـ ١٩٩) .

ئیمانداران هەروەکو چۆن قورئان وتویەتی ، بەتایبەت ئەو ئیماندارانەی کە میراتگری پێغەمبەرانن ، ئەوانەی کە خوا لە جێی ئەستێرەکاندا دایناون ، بۆ ئەوەی خەڵکی ڕێگای ڕاست و مەبەستیان پێ بدۆزێتەوە لە نێو تاریکاییەکانی وشکانی و دەریادا .

وە هەموو موسڵمانان کۆڕا و یەکدەنگن لەسەر ڕێنماییکراوی و تێگەیشتن و شارەزایی زانایان ، چونکە هەموو ئومەتێك لە پێش هاتنی (مُحَمَّدٍ ﷺ) زاناکانیان خراپترینیان بوون تەنها موسڵمانان نەبێت ، کە بەڕاستی زانایانی موسڵمانان باشترینیانن ، لەبەر ئەوەی جێنیشینی پێغەمبەرن (ﷺ) لە نێو ئەممەتەکەیدا ، وە زیندوو کەرەوەی ئەوەن کە مردووە لە سوننەتەکانی ، کتێبەکەی خوا بەوانە وەستاوە و ئەوانیش بە کتێبەکەی خواوە وەستاون ، وە کتێبەکەی خوا باسی لە فەزڵ و چاکەی ئەوان کردووە و ئەوانیش کتێبەکەی خوا باس دەکەن بۆ خەڵکی ... زانایان فەزڵ و منەتیان هەیە بەسەرمانەوە بە پێشکەوتنیان بەسەرمانەوە ، وە بە گەیاندنی ئەوەی کە پێغەمبەری (ﷺ) پێ نێردراوە بۆمان ، وە بە ڕوونکردنەوەی ئەوەی کە شاراوەیە لە ئێمە لەو پەیامە ، دەواکارین خوا لێیان ڕازی بێت و ئەوانیش ڕازی بکات .

**ئەمەیە بیروباوەڕ و هەڵوێستی ئەهلی سوننە و جەماعە سەبارەت بە زانایان .**

*****

## لە پاش ئەمە با بزانین بیروباوەڕ و هەڵوێستی ئەهلی بیدعە و حزبایەتی چۆنە سەبارەت بە زانایانی ئەهلی سوننە؟

یەكێك لە نیشانە و بنەما گەورەكانی (ئەهلی بیدەع و حزبایەتی) لە كۆن و تازەدا بریتی‌یە لە : (تانەوتەشەردان لە زانایان و دژایەتی و ڕقەبەرایەتی كردنیان و بە چاكە باس نەكردنیان و دوور خستنەوەی خەڵك لێیان و نەگەڕانەوە بۆ لای ئەوان) :

ئیمامی (القرطبي) ڕەحمەتی خوای لێبێت لە تەفسیری ئایەتی ﴿... وَلَا تَتَّبِعُوا۟ ٱلسُّبُلَ ... ﴿١٥٣﴾﴾دا [الأنعام] فەرموویەتی : (وقد قال بعض العلماء العارفين : هذه الفرقة التي زادت في فِرَق أمَّة مُحمَّد (ﷺ) هُمْ : قَومٌ يُعادونَ العُلماء ويُبغضونَ الفقهاء)[١٤].

واتە : هەندێك زانای شارەزا و خواناس فەرموویانە : ئەو فیرقەیەی كە زیادی كردووە لە فیرقەكانی ئوممەتی (محمَّد ﷺ) ئەوانە بریتین لە : كەسانێك كە دژایەتی زانایان دەكەن و ڕقیان لە شەرع ناس و فەقیهەكان .

---

[١٤] تفسير القرطبي : (٧ / ١٤١) .

**وە ئیمامی** (أبو حاتم الرازي / ١٩٥ - ٢٧٧ هـ) **فەرموویـەتی : (علامةُ أهل البدَع الوقيعةُ في أهل الأثر)**.

**واتە : نیشانەی (ئەهلی بیدەع) ئەوەیە : قسە دەکەن بە (ئەهلی حەدیث و ئەثـەر) .**

**وە ئیمـامی** (البربـهاري ـ ت / ٣٢٩ هـ) **فەرموویــەتی** : (إذا سمعتَ الرجل يطعنُ على الآثار ، أو يَردُّ الآثار ، أو يُريدُ غير الآثار ، فاتَهمهُ على الإسلام ، و تشك أنَّهُ صاحب هوى مُبتدع).(14)

